4ی کانوونی یەکەمی 2023

# کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان (ئەپیکور)

## ئەپیکور ئامادەیە بۆ جێبەجێکردنی چارەسەکان، بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت

خاڵە گرنگەکان:

-کۆمپانیا ئەندامەکانی ئەپیکور ئامادەن بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ هاوبەشەکان، بۆ چارەسەری کێشەی گرێبەستەکان.
-بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی خێرا، ئەپیکور داوا دەکات چارەسەرێکی هاوبەش بدۆزرێتەوە بۆ پاراستنی مافە دەستوورییەکانی کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی بواری نەوت، بە ئامانجی دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت.

ئەپیکور ئاگاداری کۆبوونەوەی چەند رۆژ لەمەوبەری نێوان بەرپرسانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەری کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی بواری نەوتە. سەرەڕای ئەوەی، کۆمپانیا ئەندامەکانی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان، بەشی زۆری نەوتی هەرێمی کوردستان بەرهەمدەهێنن، نە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدارییان پێکراوە، نە بانگهێشتیشکراون بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی داهاتووی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق.

هەروەها، کۆمپانیا ئەندامەکانی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان، گرێبەستەکانیان بە یاسایی و بەرکار دەزانن، دڵنیان لەوەی، دۆزینەوەی چارەسەرێکی ریشەیی، دەتوانرێت دەستبەجێ، جێبەجێ بکرێت و هەمووانیش قایل بکات، لەرێگەیەوە هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستانیش دەستپێبکاتەوە.

ئەو چارەسەرانەش، پێویستە گرێبەست و مافە یاساییەکانی کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی بواری نەوت بپارێزن، هەروەها مافە دەستوورییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقیش بپارێزن.

ئەپیکور ئامادەیە بۆ هەر هاوکاریی و لێکنزیکبوونەوەیەک لەنێوان لایەنەکان بۆ دۆزینەوە و بەرەوپێشبردنی ئەو چارەسەرانە لە بەرژەوەندی هەموو هاوڵاتیەکی عێراقی.

مایڵز کاگینز، وتەبێژی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان رایگەیاند:"چارەسەری کێشەی گرێبەستەکان و هەبوونی بەرچاوڕوونی لەبارەی چۆنیەتی وەرگرتنی مافە داراییەکانی رابردوو و داهاتووش، گرنگە بۆ بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوتی کۆمپانیاکانی ئەندام لە کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان".
"ئەندامی ئەپیکور ئامادەن بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە بەردەوامی دواخستنی ئەم پرسە، زیان بە ئابووری و گوزەرانی هەموو هاوڵاتیەکی عێراقی دەگەێنێت".

**-کۆتایی-**

**دەربارەی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان:**

ئامانجی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان بۆ راکێشانی سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت و گاز، وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکانی خزمەتگوزارییە، تاوەکو هەرێمی کوردستان بکەنە شوێنی وەبەرهێنانیان. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان ئامانجی داکۆکیکردن و نیشاندانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەندامەکانییەتی، پێکەوە وەک دەنگێکی کاریگەر و هاوبەش لەبەرامبەر هەموو خاوەن پشکەکان لە هەرێمی کوردستان و هەر شوێنێکی دیکە کاربکەن، کۆڕبەند بۆ ئەندامەکان سازدەکەن لەپێناو رەخساندنی هەلێک بۆ نیشاندانی خۆیان و گەیاندنی زانیارییەکانیان لە بواری پیشەسازی. کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان کۆمپانیایەکی سنووردارە بەپێی یاسای ئینگلیز دامەزراوە.

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی www.apikur.uk بکە

بۆ پرسیاری میدیایی:
مایلز کاگینز، گوتەبێژی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان
myles.caggins@wordswarriors.com
media@apikur.uk

واتسئاپ: +1-254-371-5704
کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان لە سوشیاڵ میدیا ببینە:
تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس (X): @apikur_oil